# فەزڵو پلەو پایەی زانستو زانایان

م/ رێباز محمود رەزا
پێش نوێژو وتاو خوێنی مزگەوتی
پشت قەڵا لە چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

براو خوشکانی موسڵمان سەلامو بەزەیی خودا بڕژێ بەسەرماندا لای بەڕێزتان ئاشکرایە کە خودای پەروەردگار ڕێزی تایبەتی داناوە بۆ زانستو زانایان، وە پێویستی کردووە لەسەرمان کە ڕێگەی زانست بگرینە بەر بۆ ئەوەی سەرفرازی دونیاو دواڕۆژ بەدەست بهێنین، وەهۆکاری بەدەست هێنانی بۆ ئاسان کردووین چی لەلاشەماندا وەك: دەستەکان بۆ گرتنی پێنوسو چاوەکان بۆ تەماشا کردنی زانست وەگوێچکەکانمان بۆ بیستنی زانست، بەتایبەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کەئامێری پیشکەوتوو هەن وەك: (کاسێت, سیدی, فلاش میمۆری.... هتد) وەقاچەکانمان بۆ سەفەر کردن بۆ بەدەست هێنانی زانست وەك زانایانی ئەم ئوممەتە چەندین گەشتو ڕێگەی دووریان بڕیوە بۆ بەدەست هێنانی زانستی شەرعی، وەچی لەو ئامێرانەی لەم ڕۆژەدا بوونیان هەیە وەك: (کۆمپیوتەر, تۆڕی ئینتەرنێت) وەئەو شتانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بەمەرجێك لەکاری چاکەدا بەکاریان بهێنین وەك (فێربونی زانست).

بۆیە داوا لەبرایانو خوشکانی کورد زوبانی خۆشەویست دەکەم هەموو تواناکانیان بخەنە گەڕ بۆ فێربوونی زانستی شەرعی لەسەرچاوەی خۆی کە بریتییە لە(قورئانو سوننەت

بەتێگەیشتنی پێشینی ئوممەت) هەرچۆن زانایان گرتوویانەتە بەر، وەك پێشەوایان: (أبوحنیفة, مالك، شافیعی, أحمد, ابن تیمیة, ابن صەلاحی شارەزوری....), وە بابەتەکەم پێکهاتووە لە

1- پێناسەی زانستو زانایان

2- رێزی زانستو زانایان لە قورئان وفەرموودەو وتەی زانایانی ئیسلام.

ما الفخرُ إلاّ لأهلِ العلمِ إنهمُ
على الهُدى لمن استهدى أدلاءُ
وقدرُ كلُّ امرئ ماكانَ يحسنهُ
والجاهلونَ لأهلِ العلمِ أعداءُ
فَفُز بعلمٍ تعِش حيا بهِ أبدا
الناسُ موتى وأهلُ العلمِ أحياءُ

**پێناسەی زانست لەزمانەوانیدا:**

1- (عَلِمَ الشئ بالكسر يعلمه (عِلماً) عَرَفه[1].

2- لەزاراوەی زانایاندا: (وەك پێشەوا ابن القیم دەفەرمووێت:

(العلم: قال الله، قال رسوله ﷺ: قال: الصحابة).

(1) مختار الصحاح: 452 مادة (ع ل م).

واتە: زانست ئەوەیە کەخوای پەروەردگار فەرموویێتی وەپێغەمبەری خودا فەرموویێتی ﷺ وە هاوەڵە بەرێزەکان ﷺ فەرموویێتیان، واتە قورئانو سوننەت روون بکاتەوە.

وە پێشەوا (شافیعی) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت:

(والعلم ماكان فيه حدَّثنا
وسوى ذاك وسواس الشياطين).

واتە: زانست ئەوەیە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدرابێتەوە جگە لەوە وەسوەسەی شەیتانەکانەوە.

زانایان ئەوانەن کەشارەزان لەشەرعی خوداو کردار بەو زانستەیان دەکەن لەسەر رێنماییو بەرچاو روونی بانگەوازی بۆ لا دەکەن.

**رێزی زانایانی ئیسلام لەقورئانو سوننەتو ووتەی ( پێشینان )دا:**

1- خوای پەروەردگار دەفەرمێت:

﴿ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ﴿١١﴾ ﴾ [المجادلة: ١١].

واتە: خوای پەروەردگار باوەڕدارانتان ئەو کەسانەی خاوەن زانیارین پلەو پایەیان بەرز دەکاتەوە.

2- هەروەها دەفەرمێت:

﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨ ﴾ [آل عمران] .

واتە: خوای گەورە شاهێدی ئەدات کە تاكو تەنهایەو هاوبەشی نییە، وە مەلائیکەکانیش هەمان شاهێدی ئەدەن وە ئەو کەسانەی کەزانان هەمان شەهادە ئەدەن وەك دان نانێك بەڕاستی داو هەستان بەدادپەروەری،جارێکی تر تەئکید دەکات تاكو تەنهایەو بەدەسەلاتو وکاربەجێیە.

(لەم ئایەتەدا خوای گەورە فەزڵی زانستو زانایانی ڕوون کردۆتەوە چونکە خودای پەروەردگار تەنها باسیانی کردووە لەنێوان مرۆڤەکاندا وەشەهادەتی زانایانی هاوتا کردووە لەگەڵ شەهادەتی (زاتی خۆی جل جلالە) وشەهادەتی مەلائیکەکان وەشەهادەتی زانایانی کردووەتە گەورەترین بەڵگە لەسەر تەنهایی خودای گەورە.

ئەمەش بەڵگەی چاکی زانایانەو خەڵکی شوێن کەوتەی ئەوانن وەئەوان پێشەوان لەمەشەوە ڕێزو پلەبەرزی زانایان دەردەکەوێت لەبەرزیدا جا ئەندازە ناکرێت)(2).

3- هەروەها دەفەرمێت:

﴿ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ ٢٨ ﴾ [الفاطر] .

واتە: بەس زانایان ترسی تەواوەتیان هەیە لە پەروەردگاریانو بە زانستەوە لێی دەترسن لەنێوان بەندەکانی خوادا.

(هەرکەسێك بەخودا شارەزاتر بێت ئەوە لەخواترسترە، وەترسانی لەخودای گەورە پێویستی دەکات لەتاوان دەست هەڵگرێت وەخۆی ئامادە بکات بۆ خزمەتی ئەو خودایەی لێی ترساوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕێزی زانست، چونکە بێگومان زانستەکەی بانگەشەی دەکات بۆ لەخواترسان وەئەوانەی لەخودای گەورە دەترسێن ئەوانە کەسانی بەڕێزن لای ئەو هەروەکو چۆن پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ رَبَّهُۥ ٨ ﴾ [البينة].

(2) (تەفسیری شێخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي رحمه الله ص: 116).

واته: خودا لێیان ڕازی بووەو ئەوانیش لەخودا ڕازیین ئەمە پاداشتی کەسانێکە کە لەخوا ترساون بە زانستەوە)[3] .

4- هەروەها دەفەرمێت:

﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ١٢٢﴾ [التوبة].

واتە: بۆچی لەهەر کۆمەڵێك لەو کۆمەڵانە جا لەشارەکاندا بن یاخود لەهۆزەکاندا بن (طائفة) یەك واتە کۆمەڵێك نین دەرنەچن بۆ جیهادو خۆیان شارەزا بکەن لەئایینی پیرۆزی ئیسلامو ئاگاداری کەسەکانیان بکەن لەدەرەنجامەکانی شیرك وشەڕو فەساد بۆ ئەوە ئەوانیش شارەزا بنو ڕزگاریان بێت لەسزای دونیاو دواڕۆژ .

(لەم ئایەتەدا بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە بەڕێزی زانستی لەخۆ گرتووە بەتایبەت تێگەیشتن (فیقهـ) لەئاین کە ئەوەش گرنگترینی کاروبارەکانە، وەهەرکەسێك زانستێك فێر بێت پێویستی سەرشانێتی کە ڕایگەیەنێتو بڵاوی بکاتەوە لەناو خەڵکیدا وەئامۆژگاریان بکات، چونکە بێگومان بڵاوکردنەوەی زانست لەزاناوە لەبەرەکەتی ئەو زانستەیەو وەئەو پاداشتەیە کە زیاد دەکات)[4] .

وەشێخ أبوبکر بن جابر الجزائری (رحمە الله) دەفەرمووێت: (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر یەکسانی داخوازی زانست (طلب العلم) لەگەڵ تێکۆشان (جیهاد) کردن لەڕێی خوادا بەو مەرجەی نیەت پاك بێت لەبەر خودا لەهەوڵدان بۆ فێربوونی زانستو تێکۆشان لەڕێی خوادا، چونکە یەکەمیان بۆیە هەوڵ بۆ زانست (علم) دەدات تاکو خەڵك فێر بکاتو کردار بەو عیلمە بکەن لەبەر خواو لەڕێگەی خوادا وەتێکۆشەر (مجاهد) ئەم پاداشتە بەدەست ناهێنێت ئیلا بۆ سەرخستنی ووشەی (الله) نەبێت بەتایبەت)[5] .

## فەزڵی زانستو زانایان لەسوننەتی پێغەمبەردا ﷺ.

1- قال الرسول ﷺ:

(3) (تفسير السعدي ص:751 دار ابن حزم).

(4) (تفسير السعدي ص: 371).

(5) (أيسر التفاسير: 681/2).

**(طلب العلم فريضة على كل مسلم)**[6].

**واتە: فێربوونی زانست فەرزێکە لەسەر هەموو موسڵمان).**

2- وقال ﷺ:

**(من سلك طريقا يطلب فيه علما سلك الله به طريقا من طرق الجنة، وإن الملائكة لتضع أجنحتها لطالب العلم رضا بما يصنع، وإن العالم ليستغفر له من في السموات ومن في الأرض والحيتان في جوف الماء، وإن فضل العالم على العابد كفضل القمر ليلة البدر على سائر الكواكب، وإن العلماء ورثة الأنبياء، وإن الأنبياء لم يورثوا دينارا ولا درهما إنما ورثوا العلم فمن أخذه أخذ بحظ وافر)**[7].

**واتە: هەرکەسێك ڕێگەیەك بگرێتە بەر خوازیاری فێربوونی زانستێك بێت خودای پەروەردگار ڕێگەیەك لەڕێگاکانی بەهەشتی پێ دەگرێتە بەر، وەبێگومان مەلائیکەی خودا باڵەکانی دادەنێت بۆ خوازیاری زانست (طالب العلم) وەك ڕەزامەندیەك بەو پیشەیەی پێی هەستاوە، وەبێگومان کەسی زانا بۆی دەپاڕێتەوە چی ئەو کەسانەی لە ئاسمانەکاندان وئەوانەی لەسەر زەوین وەماسیەکان لەناو ئاودا، وەڕێزی زانا بەسەر کەسی خواناسدا وەکو ڕێزی مانگی چواردە وایە بەسەر هەموو ئەستێرەکاندا کەلەوان ڕووناکترە، وەبێگومان زانایان میرات گرانی پێغەمبەرانن** (عليهم الصلاة والسلام) **وەپێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام) **دینارو درهەمیان بەمیرات بە جێ نەهێشتووەبەڵکو زانستیان بە میرات بە جێ هێشتووە، وەهەرکەسێك پشکی بەرکەوێت بەڕاستی پشکی چاکی وەرگرتووە.**

3- وقال ﷺ:

**(من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين)**[8].

**واتە: هەرك ەسێك خودای گەورەو میهرەبان ویستی چاکە (خەیری) پێ**

---

(6) (صحيح/ رواه ابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 3913، و 3914، وانظر: السراج المنير: 240).

(7) (صحيح/ رواه أبو داود والترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 6297، وانظر: السراج المنير: 255).

(8) (صحيح/ رواه الترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 6611 و 6612، وانظر: السراج المنير: 259).

هـەبێت لـەئایین شـارەزای دەکـات وتێـی دەگەیەنێت.

4- وقال ﷺ:

( من خرج في طلب العلم فهو في سبيل الله حتى يرجع)[9].

واتە: هەر کەسێك دەربچێت بۆ فێربـوونی زانست (طلب العلم) ئـەو کەسـە لەڕێگـەی خوادایەو وەکـو تێکۆشـەر (مجاهـد) وایـە تادەگەڕێتەوە.

5- وقال ﷺ:

( من جاء مسجدي هذا لم يأتــه إلا لخـــير يتعلمه أو يعلمه فهو في مترلـــة المجاهـــد في سبيل الله، ومن جاء لغير ذلك فهو بمترلـــة الرجل ينظر الى متاع غيره)[10].

واتە: هەر کەسێك هات بۆ ئەم مزگەوتـەی مـن (مزگـەوتی مەدینـە) نەیـەت ئـیلا بـۆ کارێکی چـاکە (خـەیر) نـەبێت فێـر ببێـت خۆی یان کەسی تر فێربکات ئەو کەسـەی کـەهاتووە پلـەی وەکـو پلـەی تێکۆشـەر (مجاهــد) یێکــە لەڕێگــەی خـــوادا وەهەرکەسـێك بـۆ مەبەسـتێکی تـر بێـت جگە لەخێرو چاکە ئەو کەسە پلەی وەکو ئـەو پیـاوە وەهایـە تەماشـای شـتومەکی کەسێکی تربکات.

6- وقال ﷺ:

( الخلق كلهم يصلون على معلم الخير حتي حيتان البحر)[11].

واتە: دروستکراوەکانی خودا هەر هەمووی دوعای خێرو لێخۆشبوون دەکـەن بـۆ ئـەو کەسـەی خێـر فێـری خـەڵکی دەکـات هـەتاوەکو ماسـی نـاو دەریاکـانیش ئـەو نزایە دەکەن.

7- وقال ﷺ:

( فضل العلم أحب إلى من فضل العبـــادة وخير دينكم الورع)[12] .

واتـە: پاداشـتی زانیاریـەك کـەفێربوونی سـوننەت بێـت پـێم خۆشـترە لـەکردارێك کەسـوننەت بێـت هـەر وەکـو زانیاریـەك

(9) (حسن/ رواه الترمذي، وحسنه الـشيخ الألبـاني في: صحيح الترغيب والترهيب: 88، وانظر: السراج المـنير: 254).

(10) ) (صحيح/ رواه ابن ماجة والبيهقـي، وصـححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 6184، وانظر: السراج المنير: 253).

(11) (صحيح/ رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألبـاني في: صحيح الجامع الصغير: 3343، وانظر: السراج المنير: 233).

(12) (صحيح/ رواه الطبراني والبزار، وصـححه الـشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 4214، وانظر: السراج المنير: 247).

فێربوونی فەرز بێت چاکترە لە کردارێکی فەرز، وەباشترینی ئیشەکان وەرعە کەخۆ پارێزیە لەحەرام.

8- وقال ﷺ:

(سيأتيكم أقوام يطلبـون العلـم، فـإذا رأيتموهم فقولوا لهم: مرحباً بوصية رسول الله ﷺ وأفتوهم)(13)

واتە: کەسانێك دێن بۆ لاتان بۆ فێربوونی زانست کاتێك بینییانتان بڵێن (مەرحەبا) واتە بڵێن هاتوون بۆ جێگەیەکی فراوان لەبەر وەسیەتەکەی پێغەمبەرﷺ ڕێزیان لێبگرن و فەتوای شەرعیان بۆ بدەن).

9- وقال ﷺ:

(سبع يجرى للعبد أجرهن وهو في قبره بعد موته: من علم علما أو أجرى نهرا، أو حفر بئراً، أو أغرس نخلاً، أو بني مـسجداً، أو ورث مصحفاً أو ترك ولداً يستغفر له بعد موته)(14).

واتە: حەوت کردار پاداشتەکەیان دەچێت بۆ خاوەنەکانیان لەناو گۆڕەکەدا لەپاش مردنی: کەسێك زانیاریەکی فێری کەسێك کردبێت، یاخود جۆگایەکی ڕێك خستبێت ئاوی پیا بڕوات یاخود بیرێکی هەڵکەند بێت یاخود دارێکی خورمای چاند بێت یاخود مزگەوتێکی دروست کرد بێت یاخود پەرتوکێکی قورئانی پیرۆزی لەپاش خۆی جێهێشتبێت جا لای خۆی بێت یاخود لەدونیادا بۆ کەسێکی تری کڕی بێت یاخود بۆ مزگەوتێك یاخود منداڵێکی جێهێشتبێت لەپاش خۆی داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات لەخودا لەپاش مردنی).

10- وقال ﷺ:

( إن الله تعالي يبغض كل عالم بالدنيا جاهل بالآخرة)(15).

واتە: بێگومان خودای پەروەردگار ڕقی لەهەموو کەسێکی شارەزا بەکاروباری دنیاو نەزان بەرامبەر کاروباری دوا ڕۆژە.

---

(13) (حسن / رواه ابن ماجة، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 3651، وانظر: السراج المنير: 238).

(14) (حسن / رواه البزار وأبو نعيم، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 3602).

(15) (صحيح الجامع الصغير: 1879، وانظر: السراج المنير: 229).

# ڕێزی زانست وزانایان لای زانایانی ئیسلام

1- یحیی کوڕی معین (رحمه الله) هات بۆ لای ئیمامی أحمد (رحمه الله) کاتێك لەگەڵ (ئیمام أحمد) دابوو ئیمامی شافعی (رحمه الله) بەسواری وولاغەکەی تێپەڕی بەلایاندا ئیمامی ئەحمەد هەستاو سەلامی لێکردو شوێنی کەوت لەسەرخۆ، وە میوانەکەشی دانیشتبوو کە(یحیی) بوو (رحمه الله) کاتێك گەڕایەوە میوانەکەی پێی فەرموو ئەی باوکی عبدالله (إمام أحمد) چەند جار ئەمە دەکەی فەرمووی لەم قسەیە گەڕێ ئەگەر ئەتەوێت شەرع (فیقهـ) شارەزا بیت ئەوا دەست بەکلکی ئەو ماینەی ئیمامی شافعی یەوە بگرە)[16].

2- پێشەوا مەروەزی دەفەرمووێت: (فلانە کەسی دراوسێمان ووتی چوومە بۆ لای إسحاقی کوڕی إبراهیمی ئەمیر، وە فلانە کەس و فلانە کەس ناوی چەند دەسەلات دارێکی هێنا، نەم بینیوە سامناکتر لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل. چووم بۆ لای دەربارەی شتێك گفتوگۆ

(16) (منجد الخطيب: 1/ 350).

بکەم لەگەڵیدا لەرز هات بەگیانمدا لە هەیبەت و سامی ئەو پێشەوا بەڕێزە پاشان مەروەزی (رحمه الله) دەفەرمووێت: ئیمامی (الكلبي) (خاوەنی هەواڵی نهێنی) شەوێکیان چوو بۆلای ئیمامی ئەحمەد (رحمه الله) لەتاو هەیبەت وسامگرانی پێشەوا (ئەحمەد) دەرگاکەیانی لێتێکچوو لەدەرگای ماڵی مامی إمامی أحمدیان دا)[17].

3- قتیبەی کوڕی سعید (رحمه الله) دەفەرمووێت: إمامی ثوری وەفاتی کردو وەرعی لەگەڵ خۆی بردوو وەفاتی کرد لەگەڵیدا، وە إمامی شافیعی وەفاتی کردوو سوننەتی پێغەمبەریش ﷺ لەگەڵیدا وەفاتی کرد، وەئیمامی ئەحمەدی کوڕی حنبل (رحمه الله) دەمرێت و داهێنراو (بیدعە) سەر هەڵئەدات)[18].

4- أبو عبید دەفەرمووێت: کەسم نەبینیووە عاقڵتر بێت لەإمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەیونسی کوڕی عبدالأعلی هەمان وەصف دەکات

(17) (المصدر السابق: ج1/ ص 361).

(18) (المصدر السابق: ج1/ ص350).

بۆی تاوەكو دەڵێت ئەگەر ئوممەتێك كۆ بكرێتەوە پاشان عەقڵی (إمامی شافیعی) دابەش بكرێت بەسەر هەموو ئەو ئوممەتەدا بەشی هەر هەموویان دەكات)[19].

یەكێك لەزانایان (رحمە الله) إبن مهدی دەفەرمووێت: نەم ئەتوانی تەماشای إمام سفیانی ثوری بكەم لەتاو شەرمو سامی گرانی لەو پیاوە بەڕێزە.)[20].

5- پێشەوا أیوب سختیانی دەفەرمووێت: (پیاوی وا هەبوو لای ئیمامی حەسەنی بەسری دادەنیشت بۆ ماوەی سێ ساڵ گەر پرسیارێكی هەبوایە پرسیارەكەی نەدەكرد چونكە ئەوەندە ئیمامی حەسەن سامو هەیبەتی هەبوو لەدڵیدا)[21].

6- ابن عباس ﵄ هەستا چوو بۆ لای زیدی كوڕی ثابت ﵁ و ولاغەكەی بۆ گرت زید فەرمووی: دووركەوەرەوە ئەی كوڕە مامی پێغەمبەری خودا ﷺ. عبداللەش فەرمووی: ئێمە ئاوا دەكەین بۆ زاناو گەورەكانمان واتە ئاوا ڕێز دەگرین لەوان بەس)[22].

لەكۆتاییدا دەڵێم.

باژیان لەگەڵ ئەم چەند بەسەر هاتەدا بەرینە سەر بەئومێدی سوودو قازانج وەرگرتن لێی إن شاء الله تعالى.

1- یونسی صەدەفی دەفەرمووێ: نەم بینیووە كەسێك عاقڵتر لە ئیمامی شافیعی، ڕۆژێكیان (مناظرة)م (گفتوگۆ كرد) لەگەڵیدا دەربارەی باسێك پاشان جیابووینەوەو پاشان پێم گەیشت دەستی گرتمو فەرمووی: یا أبا موسی ئایا نابێت برایەتیمان بەردەوام بێت گەرچی لەبۆچوونیشدا جیاواز بین؟)[23].

ئیمامی زەهەبی (رحمە الله) دەفەرمووێت: (ئەمە بەڵگەیە لەسەر فراوانی عەقڵی ئەو ئیمامەو فیقهی نەفسی خۆی، چونكە بەردەوام ئەوانەی مناقەشەی یەكتری دەكەنو جیاوازن لەبۆچووندا جیاواز بوونە)[24].

---

(19) (المصدر السابق: ج1/ ص 349).
(20) (المصدر السابق: ج1/ ص 339).
(21) (المصدر السابق: ج1/ ص 327).
(22) (المصدر السابق: ج1/ ص 312).
(23) (المصدر السابق: ج1/ ص 349).
(24) (المصدر السابق: ج1/ ص349).

2- عبـــدالله كـــوڕی محمـــدی وراق: دەفــەرمووێت: (لەمەجلیـسی ئەحمــەدی كـوڕی حنبـل دابـووم فـەرمووی لـەكوێوە هاتوون؟ ووتمان لەمەجلیسی (أبو كریـب) ە وەهــاتووین فــەرمووی: زانـستی لێـوە بنووسن لەبەر ئـەوەی شـێخێكی صـالحە: ووتمان: بەڵام ئـەو تەعنـەت (تانـەت) لـێ ئەدات: فەرمووی: جـا ژیـانی مـن چـییە؟ شێخێكی صاڵح بەژیانی مـن تووشـی بـەڵا بووە؟)[25].

3- وەئیمـــامی شـــافعی (رحمـــه الله) دەفەرمووێت: (كاتێك گوێبیـستی هـەواڵی مردنی كەسـێك لـەزانایانی ئـەهلی سـوننە دەبم وا دەزانم هەنـــدێك ئەندامـــەكانی لاشەم لەدەست ئەدەم!).

4- ئیمـــامی زوهـــری دەفـــەرمووێت: (دەچـووم بـۆ لای عـوروەی كـوڕی زبـێر (رحمـــه الله) لەبـــەر دەرگاكـــەیان دادەنیشتمو خۆ ویستم لێبوایە دەچـوومە ژوورەوە بـەڵام ئەگەڕامـەوە نەئەچـوومە ژوورەوە، چـونكە زۆر لام بـەڕێزو گـەورە بوو!)[26].

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لاإله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

---

(25) (المصدر السابق: ج1/ ص (361).
(26) (المصدر السابق: ج1/ ص 321).